# بەرزو پیرۆز بێت نەورۆزو نۆیەم ساڵیادی دامەزراندنی
# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

- **نەتەوەی کوردی خۆڕاگر. . .**
- **جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان. . .**

لە ٢١/٣/١٩٩٥دا لەڕۆژی نەورۆزی جەژنی نەتەوەییو سیمبۆلی بەرجەستەو دیاری بەرخودانو وڵاتپارێزی مژدەی دامەزراندنی YNDKمان وەك پێویستییەکی مێژوویی‌و بابەتی‌و، هێمای بەردەوامێتی خەباتی نەتەوەیی لەپێناو (کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو دیموکرات) بەهەموو لایەك راگەیاند، ئەمڕۆش کە یادی نۆیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK دەکەینەوە جێی خۆیەتی ئەوە بەبیر گەلی کوردستان بهێنینەوە کە YNDK هەمیشە خودان هەڵوێستی نەتەوەیی بوێرو راشکاوانە بووەو لەم پێناوەدا ئەوەی لەدەستی هاتبێ دریخی نەکردووەو دریخیش ناکات. لەماوەی ئەو نۆ ساڵەی خەباتدا توانیمان بوونی کاریگەری خۆمان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی بسەلمێنین‌و ببینە هێزێکی نەتەوەیی حیساب بۆ کراو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پابەند بوونمان بەپرەنسیپە نەتەوەییەکانمان.

YNDK لە نۆ ساڵەی تەمەنی خۆیدا رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوەیی‌و گۆشکردنی رۆڵەکانی کورد بەم هزرەو، لەسەر دەستی YNDK چەندین کادیری نەتەوەیی پەروەردە کراون‌و پێگەیێنراون‌و پێشکەش بەنەتەوەکەمان کراون‌و، ئەوانیش رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەوشیار کردنەوەی نەتەوەکەمان‌و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی.

YNDK دیدێکی نەتەوەیی سەرتاسەری هەیە بۆ تەواوی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، بۆیە هەمیشە بەرامبەر دەستدرێژی داگیرکەرانی کوردستان لە هەر پارچەیەکی وڵاتدا راشکاوانە هەڵوێستی خۆی وەرگرتووەو ئیدانەی دەستدرێژییەکانی کردووە.

ئەم یادەی ئەمساڵی YNDK لەگەڵ یادەکانی تر جیایە، لەم یادەدا رژێمی عێراقی داگیرکەرو خوێنرێژو دژ بەکورد رووخاوەو نەماوە، ئەمەش خۆزگەیەکی گەورەی گەلی کوردستان بوو هاتەدی. بەنەمانی رژێمی فاشی بەعس، قۆناغێکی نوێ هاتۆتە پێش کە دەبێ هەموو لایەکمان کاری بۆ بکەین‌و سوود لەو هەلە وەربگرین‌و بەرنامەو ستراتیژی کوردانەمان بۆ ئەم قۆناغە هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەئەرکی بەپەلەی ئەم قۆناغە دەزانین بۆ ئەوەی لەوێوە گوتارێکی سیاسی‌و ستراتیژێکی یەکگرتوو دابڕێژین. بەمەش زیاتر دەتوانین خواستەکانمان وەدەست بهێنین.

- **جەماوەری تێکۆشەری کوردستان. . .**

نۆیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK هاوکاتە لەگەڵ دەستدرێژییەکانی رژێمی داگیرکەری سوریا بۆ سەر نەتەوەکەمان لەرۆژئاوای کوردستاندا، ئێمە جارێکی دیکە زۆر بەتوندی ئەو دەستدرێژییانە ئیدانەو مەحکوم دەکەین‌و لەهەمان کاتدا هاوخەمی خۆمان بۆ کەس‌و کارو بنەماڵەی قوربانیان رادەگەیەنین‌و، بۆ رێزگرتنیش لەگیانی پاکی شەهیدانی ئەو دەستدرێژییە تەواوی مەراسیمەکانی نۆیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK رادەگرین، سوپاسی نەتەوەکەشمان دەکەین کە بەخۆنیشاندان‌و نارەزایی دەربڕین رژانە سەرشەقامەکان بۆ ئیدانەکردنی دەستدرێژییەکانی رژێمی سوریا.

- **گەلی قارەمانی کوردستان. . .**

لەم یادەدا جەخت دەکەینەوە سەر یەکڕیزی‌و یەکدەنگی نەتەوەکەمان‌و یەکخستنی ئیرادەی گەلەکەمان. بۆ ئەم مەبەستە داواکارین هەرچی زووترە ئیدارەی کوردستان یەکبخرێتەوەو حکومەتێکی بنکە فراوان پێکبهێنرێت کە رەنگدانەوەی واقیعی سیاسی‌ونەتەوەیی کوردستان بێت بۆ ئەوەی بەهەق حکومەتی خەڵکی کوردستان بێت نەك حکومەتی ئەم حزب‌و ئەو حزب. ئەرکی هەرە لەپێشی ئەم حکومەتەش خۆئامادەکردن بێت بۆ هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لەکوردستاندا.

لەکۆتاییدا؛ جەژنی نەورۆزو سەری ساڵی کوردی‌و نۆیەم ساڵیادی دامەزراندنی YNDK لەهەڤاڵانمان‌و تەواوی گەلی کوردستان پیرۆز دەکەین‌و هیواداریین ئەم نەورۆزەمان نەورۆزی سەرخۆبوون‌و ئازادی کوردستان بێت.

- **نەمری‌و سەربەرزی بۆ شەهید سەربەست مەحموودو تێکڕای شەهیدانی رێی سەرخۆبوون‌و ئازادی کوردستان.**
- **سڵاو لەزیندانییە سیاسییەکانی نێو زیندانەکانی داگیرکەرانی کوردستان.**
- **مردن‌و رووڕەشی بۆ دوژمنان‌و داگیرکەرانی کوردستان.**
- **بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو دیموکرات.**

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

**YNDK**

**١/ نەورۆز/ ٢٧٠٤ی کوردی ٢١/٣/٢٠٠٤ی زایینی**

**هەولێر ــ باشووری کوردستان**